
# (شانۆ و سینەمای زانکۆ)

## (٢)



ئەحمەد سالار

مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونەوە لە زانکۆی سلێمانی وەك یاریدەدەری لێکۆڵەرەوەی زانستی لە بەشی ڕۆشنبیری و هونەری، کە هونەرمەندێکی هەتا بڵێی ڕەوشت باڵا ونموونەیی، مامۆستا (قادر کوردی) بەرپرسی بەشەکەمان بوو، کە سەربە ڕاگرێتی کاروباری قوتابیان بوو، ئەو دەمە خوالێخۆشبوو (د.خەسرەو شاڵی) ڕاگری بوو، لەتەك ئەو هونەرمەندە ئازیزانەدا وەك: ئەنوەر قەرەداغی، شەمالأ سائیب، فەتحی فۆتۆگرافەر، حەمە عەلی عارفی سینەماکار، ئەحمەد ڕووناکی، عادل جەلال، هۆمەر چاوشین، سمکۆ عەزیز .. ببووینە گروپێکی هەرە دڵسۆز، بەتایبەت (مامۆستا قادر کوردی) وەك هونەرمەندێکی ئەزمووندار بە گشت شێوەیەك کۆمەکی بۆ کاری هونەریان ئەکرد.

هەر یەکەمان بەپێی هونەرەکەی ستۆدیۆ و شوێنی خۆی هەبوو .

یەکەم پرۆژە بیرم لێکردەوە، دروستکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتار بوو لە سەر زانکۆی سلێمانی، بە ناوی (زانکۆکەمان)، کامیرەیەکی(١٦ ملم) یمان هەبوو، لەگەڵ چەند پرۆچکتەر، هەروەها پرۆچکتەری پێشاندانی فلیم، لەگەڵ ئامێرێکی (ماڤیولا)ی دەستی.

لەماوەی هەفتەیەکدا پاش پشکنینی گشت پێکهاتەکانی زانکۆ، سیناریۆیەکەم تەواو کرد و دەستم کرد بە وێنەگرتن کە خوالێخۆشبوو(........) وێنەگرەکەم بوو، هەفتانەش لە لابۆردی تەلەفزیۆنی (کەرکووك) پارتەکانمان ئەشتەوە و لە ئاکامی کارەکە دڵنیا ئەبووین، لە ماوەی دوو هەفتەدا کاری وێنەگرتنم تەواو کرد، ڕۆژانە پاش نیوەڕوانان ئەگەڕامەوە بەشەکەمان و بە تەنها خەریکی کاری (مۆنتاج) ئەبووم، ئامێری (ماڤیولا) کە مانگچکەو سەرەتایی بوو، دەبوو بەدەستی (فرێم، فرێم) کاری تیادا بکەم،ڕۆژی وا هەبوو پتر لە دە سەعات کارم تیادا ئەکرد،بەڕادەیەك شەوان کە ئەخەوتم هەرمێشکم سەرقاڵی گرتە هەڵبژاردن و بڕین و بەیەکەوە نووساندن بوو، ئاکام تەواوم کرد، مایەوە سەر دەنگ ومۆسیقا، ئەوە بوو پاش ئەوەی فلیمە (نێگەتیڤ)ـە کە کرایە (پۆزەتیڤ)، گەیشتە (٣٠) خولەك، ئەوسا وشەکانم بۆ نووسی و لەگەڵ هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) مۆسیقامان بۆ هەڵبژارد و (تایتڵ)ێکی گونجاویشم بۆ دانا، وشەکان بە دەنگی خوالێخۆشبوو هونەرمەند (خاڵە حەمە) تۆمارکرا، کە بە ڕای من باشترین دەنگی بێژەر بوو لە مێژووی گەلەکەماندا، دەنگێکی پڕجۆش و خرۆش و دەوڵەمەند بە جوانترین لە وێنەوە وکاریگەر.

بۆ یەکەم جار پێشانی سەرۆکی زانکۆمان دا، سوپاسی کردین و بەدڵی بوو، پاشان لە بەرنامەی (ئاسۆی زانکۆیی) زانکۆی سلێمانی لە تەلەفزیۆنی (کەرکووك) نوێنرا، هەروەها لە زۆربەی فیستیڤاڵە هونەرییەکانی زانکۆی سلێمانی و زانکۆکاندا پێشاندرا، بەتایبەتی لە (بەسرە) و (بەغداد) و (موسڵ).. کاتی ساڵی (١٩٨٠) زانکۆ لە سلێمانییەوە گوێزرایەوە شاری (هەولێر) ئەو فیلمە و چەندەها یادگاری هونەری بێ سەروشوێن بوون .

ئەوەی کە نابێ لە یاد بکرێ، ئەوەیە هەبوونی فلیمی (زانکۆکەمان) کۆنتێکی سینەمایی کوردییە و نابێ بزربکرێ.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو، کەوتمە خولیای دروسکردنی شانۆی زانکۆ و نەخشەسازییەکی زانستیانەم بۆ کردبوو، بڕوام بەوە هەبوو زانکۆ ئەبێ چاوگێکی ڕۆشنایی بەخشی ناوچەکەبێ، نەك هەر لە بواری زانستە پوخت و مرۆییەکاندا بەڵکو لە سەرجەم ڕکێفەکانی هونەرە جوانەکاندا، بۆیە پێکهێنانی شانۆی زانکۆی سلێمانی مەبەست و مەرامم بوو، بۆ هێنانەدی ئەم خەونە ڕەوایەم سەرۆکی بەشەکەمان مامۆستا (قادر کوردی) و سەرۆکی زانکۆ (د.تاریق ئامێدی) پشتیوانم بوون، ئەوە بوو بڕیار درا هەر بەشی هونەری دەست بەچالاکی بکات و ئیدی پەیتا پەیتا قوتابیان خۆیان بۆلقە هونەرییەکان ناونووسی ئەکرد، ئەوەی جێگای سەرنج بوو، ژمارەی قوتابیانی شانۆ چوار ئەوەندەی لقەکانی دیکەبوو، بەتایبەت ژمارەیەکی زۆریان لە عەرەبەکان بوو،بێ گومان شیوعییەکان بوون،ئەمەش لەسەر ڕێنمایی کەسانێکی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسی شیوعی کە ڕێنماییان کردبوون، هەرچەندە من هونەرمەندێکی پارتی بووم، هەر لەسەر ئەم قسەیە ئەوە بەیاد ئەکەمەوە، کە جارێکیان هونەرمەندێکی شانۆکار کە لە هاوڕێیانی شیوعی بوو، گلەیی لە ڕۆژنامەنووس مامۆستا (ئەحمەد ڕەجەب) و ڕۆژنامەی بیری نوێ و(طريق الشعب) کردبوو، گوایە ئەو بایەخەی کە ئەوان بەبەرهەمەکانی منی ئەدەن ئەوە بە ڕەوا نابینن، بەرای ئەو هاوڕێ هونەرمەندە، دەبوو بەپێچەوانەوە بوایە .

بیستمەوە پێیان وتبوو، ئێمە بۆیە کارەکانی (ئەحمەد سالار)مان بە دڵە و خۆشمان ئەوێ، چونکە جگە لەوەی ریالیزمێکی سوسیالیزمی ڕاستگۆیە، ئەو کێشە سەرەکییەتان بە ململانێ چینایەتییەکانەوە ئەخاتەڕوو، هەمیشە سستی داکۆکی لە مافی زەوتکراوی ئەو زۆر بە چەوسێنەر ئەکات، هەرلەو ڕوانگەیەشەوە بیر لە کێشە سەرەکی نەتەوەکەی ئەکاتەوە.

هەر لەو ڕۆژانە دابوو،کەوتمە خولیای بەکوردی کردنی ژمارەیەك لە شاکارە هەرەدیار و درەوشاوەکانی تێکستی شانۆی جیهان، بەرلە هەمووان (ولیەم شکسپیر) بوو، کە هەتا هەبم قەرداری هونەرەکەیم، یەکەم جار شانۆی (ئۆتیللۆ)، کە بەدرێژایی ساڵانی خوێندنی شانۆم لە (ئاکادیمیای هونەرە جوانەکان)ی زانکۆی (بەغداد) بۆ وانە نواندن بینراوەکانیم پێشکەش ئەکرد، وابزانم زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم سەرانسەری شانۆیەکەم بە زمانی عەرەبی لە بەربوو، بەتایبەت وەرگێڕانەکەی (خەلیل مەتڕان)، هەرچەندە هەر بە زمانی عەرەبی پتر لە شەش جۆر وەرگێڕانی بۆ کرابوو، لە ساڵی(١٨٨٤)ەوە عەرەبەکان دەستییان بۆ بردووە، (خەلیل مەتڕان) شاعیر بوو لە زمانەکەشیدا دەستڕۆیشتوو بوو، شارەزای بواری هونەری شانۆش بوو، بۆیە (جۆرج ئەبیەز) ساڵی (١٩١٢) ئەو ئەرکەی پێ سپاردبوو.

بەش بەحاڵی خۆم چەندین جار ئەو شانۆیەم بە زمانی ئینگلیزی، بەتایبەتی نواندنەکەی (سمێرلۆرنس ئۆلیڤیە) دیبوو، بۆ چەند جارێك لە (سەنتەری ڕۆشنبیری بەریتانی) کە لە گەڕەکی (ئەلوەزیرییە)ی نزیکی ئاکادیمییەکەمان بوو، هەر لەو ساڵانەشدا بە زمانی(روسی) کەلە (سەنتەری ڕۆشنبیری سۆڤیەتی) لەسەر شەقامی (ئەبو نەواس) دیبوو، هەروەها بە زمانی (ئیتالی) لە هەمان کاتدا کاسێتێکی بەکرەیی نواندنی تیپی (گلۆپ تیاتر)م هەبوو، کە ڕۆژانە گوێم لە دەمودویان لە گەرمە وگوڕی هەڵکشانی هونەریدابووم، لەلایەن بنەمۆمەکانی شانۆوە بە هەرچی ڕێگایەکی (شەل و کوێرم ناپارێزم) کەوتنە سەرو گوێلاکی خۆم و بەرهەمەکانم بە هەمووجۆر (ڕاپۆرت) نووسین دیارە زۆر لەو کەللەپووتانە، بەخەیاڵی خۆیان بەری خۆری هاوینە بە بێژینگ ئەگیرێ،چونکە بەخۆیانەوە ڕانەئەوەستان لەکن ئەوانەی تازە بەتازە

چەکیان هەڵگرتبوو بێ بەزەییانە بۆیان تێنەچەندم .

منێکی خاوەن دڵێکی جگە لە هونەر و خۆشەویستی و کوردستان پەروەری هیچی دیکەم شك نەئەبرد.

ناچار لە نێوانی بەرداشتی (ئەمن) و لایەنی دیکەدا ئارەزووی پڕ تافە تافەو هەڵچونم بهارێ، رۆژێ لە رۆژانی پێشاندانی شانۆیی (خەج و سیامەند) ناچارکرام (سالار)ێکی لێوان لێوی پەروەردەی کوردانە و بنەماڵە کەسانێکی لە هۆڵەکە بکەمە دەرێ، نەمتوانی دانبەخۆما بگرم، بۆیە بە چاودێرانی هۆڵم ووت ئەوانە بکەنە دەرێ و ناشمەوێ جارێکی دیکە چاریان ببینم، دەسا بابێ منەتبن، کام کەلە سەختە بابیگرین، لە پەروەردگارنەبێ سڵ لە هیچ (ذو القس)ێك ناکەمەوە.

بەهەرحاڵ هەرشانۆیەك ویستبێتم بیکەم، بەر لە نواندنی ئەکەوتنە پیلاندانان و لێکدانەوەی سەیروسەمەرە، تەنانەت جارێکیان بیرم لە شانۆیی (ئادابا)ی شاعیر (معدالجبوری) کردەوە،کە لەلایەن مامۆستا(فۆئاد مەجید میسری)یەوە کرابوو بە کوردی، شانۆیەکەم زۆر بە دڵ بوو، ئەو دەمە بە بیروبۆچونێکی مارکسیزمی لینینیزمانە و بە زمانێکی شیعری جوان نووسرابوو، هەرلە رۆژانی پڕۆڤەی سەرەتاییدا بووم کەوتنە خوێندن لێم و هەوڵی دەستلەکارکێشانەوەی ئەکتەرەکانیان دا و تەنانەت لە راپۆرتە پەرپووتەکانیاندا چەواشەکارییان ئەکرد.

پاش تاوتۆکردن و سەیرکردنی تێکستە ئینگلیزییەکەی (ئۆکسفۆرد) و سەیرکردنی دەقەکەی بە زمانی (فارسی) گەیشتمە ئاستی دڵنیایی و بەپێی کاردانەوەی وشەکان لەسەر شانۆ کەوتمە وەرگێڕان، وەرگێڕانی ئاشناو هاوگیان بە هەست و مەبەست و هونەری (شکسپیر).

ئاکام لە رۆژی (١٩٧٨/١٠/١)ەوە بۆ ماوەی (١٠) رۆژ لە سەر شانۆی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی پێشکەشکرا، کە هەر خۆم دەرهێنەری بووم و لە هەمانکاتدا کەسایەتی (ئۆتیللۆ)شم ئەنواند، جگە لەوەی دیزاینەری دیکۆر و پۆستاکی شانۆییەکەشی بووم .

دوابەدای ئەم کارە چەند شانۆییەکم بە هاوبەشی تیپەکەم (تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی) پێشکەشکرد، وەك شانۆیی (لالۆڤانیا)ی (ئەنتوان چیمنەف) کە دەرهێنەری بووم، هەروەها (راپۆرت) کەلە چیرۆکی (شەهیدەکان ئەم هەفتەیە ئەگەڕێنەوە)نووسینی (تاهیر ئەلوتار)ی جەزائیری، کە لەلایەن مامۆستا (فۆئاد مەجید میسری)یەوە ئامادەکرابوو، پاشان شانۆیی (خەج وسیامەند)کە کاك (فۆئاد مەجید میسری) ئامادەی کردبوو، هەر ئەم شانۆییە، پاش ئەوەی بۆ ماوەی (٢٠) رۆژ لە سلێمانی پێشاندرا، بەشداریی یەکەم فیستیڤاڵی شانۆیی زانکۆکانی عێراقم پێکرد لە شاری (موسڵ) لە بەهاری (١٩٧٨) خەڵاتی باشترین دەرهێنەری فیستیڤاڵەکەم لەسەر وەرگرت، کە لێژنەی دادوەران لە خوالێخشبووان رابەرانی شانۆی عێراق بوون و لە مامۆستایان (ئەسعد عەبدولرەزاق، ئیبراهیم جەلال،جەعفەر ئەلسەعدی) و برای هونەرمەندم (د. فازل خەلیل) پێکهاتبوو.

کەوتینەوە سەر باسی ئەو رۆژانەی (خەج و سیامەند)م پێشکەش ئەکرد:

لەو شانۆیەدا، سینەما و سلایدم بەکارهێنابوو، بۆ ئەوەی عەرەبەکانیش بەباشی لە شانۆییەکە بگەن، لەناو بینەراندا چاپخانەیەکم دانابوو، کە حەکایەتخوان و کەسانێك جگە لەوەی بە گۆرانی و مۆسیقا بەشداری رووداوەکان بوون،بە زمانی عەرەبی سادە (عاصیە) ئەدوان کەئەوانە لە برا قوتابییە عەرەبەکانی خواروی عێراق بوون.

سەرۆکی شانۆکەمان راگری کاروباری قوتابیان (د.عەلی الجابری) بوو پیاوێکی نووسەر وهەست بەرز بوو، هەمیشە شانازی پێوە ئەکردین.

بۆ فیستیڤاڵی ساڵی ئایندە، ئەزمونێکی نوێم پێشکەشکرد، ئەویش بە ئامادەکردنی چیرۆکی (قوڵایی چاوەکان)ی، مامۆستا (حەمە فەریق حەسەن)، بەتێکەڵکردنی گرتە و بینراوی سینەمایی لەتەك بینراوی شانۆیی بە تێهەڵکێشکردنێکی پوخت هونەری، توانیبووم لە رێگای بەکارهێنانی (پرۆجێکتەر)ی سینمایی و (پرۆجێکتەری فلولایت) ئەو جۆرە (مۆنتاج)ـە بکەم .

شانۆییەکە لەسەر شانۆی (ساتع ئەلحوسەری) کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا پێشکەشکرا، لە ناوەڕاستی نواندنەکەدا کرا بە سروود و (بابژی با برووخێ) و بارەکە ئاڵۆزتربوو، پاشان بینەران لە هۆڵەکە هاتنە دەرێ و کرایە خۆپێشاندان و وتنی سروودی (ئەی رەقیب).

ئێمە لە هۆتێل (سوندباد)ی سەر شەقامی (ئەلرەشید) دابەزیبووین، شەوێ (ئەمن و ئیستخبارات) بەسەرماندا داباریین، کەوتنە پرس و لێکوڵینەوە، پاشان زانییان کە لەلایەن تەلەفزیۆنی (بەغداد)ـەوە تۆمار کراوە و ئێمە بەرپرسیارێتمان نییە، بەڵکو جێگری راگری کاروباری قوتابییانی کە بەرپرسێکی بەعسی بوو، ئیدی لە ئێمە گەڕان و چوون ئەوەیان بەگیرهێنا. پاش چەند رۆژێ بەرپرسە عەرەبە بەعسییەکەیان لە کارەکەی و لە حیزبیش، کوردواتەنی، (تیرۆر کرد). پاش چەند رۆژێ دەستبەرداری کارەکەی بوو، سەردانی بەشەکەمانی کرد بۆ ماڵئاوایی و گەردەنئازادی، کە گەیشتە ئاستی من هەڵوەستەیەکی کرد و بەخەمبارییەوە لێی روانیم و وتی: بەتایبەتی داوای لێبووردن لەتۆ ئەکەم، سەرەتای دەستبەکار بوونم بە ناحەق هێرشم کردە سەرت، خوا ئەوانە بگرێ کە زۆر خراپ بۆیان تێچە نبوویت، گوایە تۆ توخمێکی پوخت نەتەوەییت و رەگەزپەرستی و ئەبێت باش وریا و ئاگاداری هەڵسوکەوتت ببم. بمبەخشە و جارێکی دیکەش بە تەنها داوای لێبووردنت لێئەکەم. دەستبەجێ ئەو ساتەم بیر دەکەوتەوە، کاتێ ویستمدەقێکی شانۆیی کۆپی بکەم، ئەبوو رەزامەندی ئەو وەربگرم، هەرکە چاوی پێمکەوت لچی دابەیەکاو برۆخواروخێچەکانی هێنایەوە یەك و داواکەی دڕان: بەڵێ ئەتانەوێ بە ئارەزووی خۆتان پێی لێ راکێشن، ئەوە نەما، فەرموو .

منیش گرژ بووم چاوم عەردی نەئەبینی وتم: پێویست ناکات، لێرە نا لە دەرەوە هەرچاپی ئەکەم، چۆنم بوێ هەروا ئەکەم. گەڕامەوە بەشەکەمان، ئەو جنێوانی کە دەسدرو پڕبەبەری ئەوانە بوو بە لێشاو دامەبەری، بەوە کەمێك دڵم ئاوی خواردەوە و هەڵچوونم دامرکایەوە.

قسەیەکم کرد، سڕبوو، کابرایەك هەتا چوار رۆژ لەمەوبەر (گونی گونداری دەرئەهێنا) پێم وت: مامۆستا سەربەرزییە لە سەر سروودی (ئەی رەقیب)ی نەتەوایەتیمان سزادرای، گوێی مەدەرێ. سەری شۆڕکرد و شەقێکی لە قنگی خۆی هەڵدا، پێکەنینێ گرتمی، تەمەنم لەسەرلەنوێ نووسرایەوە. نووسیبوویان ئەو نووسەرە لە شاری (موسڵ) جەلادە سەیرەو ئاخر زەمانە، شاعیری هەست ناسك و بیرمەندی بیر رووناك ببێتە (جەلادی بەرقەنارەکان)!!

لێرەدا بە رەوای ئەزانم چەند وشەیەك لە وەرامنامە مامۆستا مەعد، کە لە وەرامی نامەیەکی مندا بۆی ناردبووم، بۆ مێژوو توماری بکەم:

لا ئەوەی دڵخۆشکەرییە مرۆڤـ نامەیەکی برایانەی وای پێبگات کە لێوانلێوی لەیەك گەیشتنێکی رەوشت بەرزانە و دەربڕی گیانی هونەرمەندێکی رەسەنە، لەو جۆرەی لەم رۆژگارەدا دەگمەنە، ئەو شانۆییەم پتر لە بیست شوێن پێشکەشکراوە، بەبێ ئەوەی هیچ دەرهێنەرێکیان پرسم پێبکات، هەرلەم بێ پرسە کردنەوە جارێك لە رۆژنامەی (ئەلجمهوریە)دا نووسیبوم، بڕواناکەی بە چ رادەیەك گوشاوت کردم کە نیازی دەرهێنانی شانۆیی (ئادایە) کەمت هەیە، بەو هیوایەی لە روانگەی هونەرییەکەمانەوە یەکانگیر بین، سوپاستان ئەکەم ئەگەر دەرفەتم بوو بڕەخسێ کارەکەتان ببینم. تکایە سڵاوم بە مامۆستا (جەلال عەزیز) بگەیێنە و هونەرمەند (شەفاء ئەلعومەری) سڵاوتان لێئەکات.

**دەستتان ئەگوشم و سوپاستان ئەکەم**
**براکەت**
**مەعد ئەلجبوری**
**سەرپەرشتیاری چالاکیی قوتابخانەکان**
**لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەینەوا ــ ١٩٧٨/١١/٢**

**مامۆستا سەربەرزییە لە سەر سروودی (ئەی رەقیب)ی نەتەوایەتیمان سزادرای، گوێی مەدەرێ. سەری شۆڕکرد و شەقێکی لە خۆی هەڵدا، پێکەنینێ گرتمی، تەمەنم لەسەرلەنوێ نووسرایەوە. نووسیبوویان ئەو نووسەرە لە شاری (موسڵ) جەلادە سەیرەو ئاخر زەمانە، شاعیری هەست ناسک و بیرمەندی بیر رووناک ببێتە (جەلادی بەرقەنارەکان)!!**



# گاگا خەڵاتی ئافرەتی ساڵی ٢٠١٥ی بەدەستهێنا

گۆڤـــاری (بیلبـــۆرد)ی تایبەت بە کاروبار و هەواڵی هونەرمەندان رایگەیاند کە خانمە گۆرانیبێژ لەیدی گاگای هەڵبژاردووە وەك ئافرەتی ساڵی ٢٠١٥ ئەمەش بە هۆی سەرکەوتنی گاگا بووە لە کارە هونەرییەکان و رەخنەگران و خوێنەرانی گۆڤاری ناوبراو بە شایستەترینیان داناوە بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە.

گاگای تەمەن ٢٩ ساڵ لە ساڵیادی هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتێمبەر خەڵاتەکەی لە هۆڵی سیبریانی میدتاون لە نیۆیۆرك وەرگـــرت کە تایبەتە بەو ئافرەتانەی بلیمەتن لە بواری مۆســـیقادا، ئاهەنگی وەرگرتنی خەڵاتەکەش بۆ یەکەم جار بەشـــێوەیەکی راســـتەوخۆ لە کەناڵی (Life time)ی ئەمریکی گوازرایەوە.

ماوەی دوو ساڵە گاگا هیچ ئەلبومێکی نوێی بڵاو نەکردۆتەوە، بەڵام بە هۆی هاوکاری کردنی گۆرانیبێژی جاز تۆنی بینیت لە نوێترین ئەلبوومی، توانیی خەڵاتی گرامی وۆرد بە دەست بهێنێت، هەروەها کلیپێکی نوێی بڵاوکردەوە کە باس لە دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتان دەکات و رەنگە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی بێت بۆ هەڵبژاردنی گاگا بە ئافرەتی ساڵ لەلایەن گۆڤاری ناوبراو.



# ریبیکا: تۆ م کرۆز دەرگای زیاتری بۆ کردمەوە

یەکێك لەو فیلمانەی کە ئەمساڵ سەرکەوتنێکی زۆری بەدەستهێناوە لە رووی جەماوەری و داراییەوە فیلمی (Mission Impossible: Rogue Nation)ە کە دوایین بەشی ئەم زنجیرە فیلمانەیە و تۆم کرۆز رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت، لەم بەشە نوێیەدا خانمە ئەکتەری سویدی ریبیکا فێرگسۆن رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت شان بە شانی کرۆز.

دوای ئەو سەرکەوتنەی فیلمەکە بە دەستیهێنا ریبیکا فێرگسۆن کە بۆ یەکەم جارە رۆڵی ئەکشن دەبینێت ستایشی تیمی فیلمەکە بە گشتی و تۆم کرۆز بەتایبەتی کرد و وتی: هەر ئەکتەرێك خەون بەوەوە دەبینێت شان بە شانی کرۆز بەشداری بکات بۆ منیش مایەی شانازییە بەتایبەتی دوای ئەو سەرکەوتنەی فیلمەکە بەدەستی هێنا، هەرچەندە من زوو دڵنیا بووم لە سەرکەوتنی فیلمەکە، چونکە بەشەکانی دیکەی فیلمەکەش بە هەمان شێوە سەرکەوتوو بوون.

هەر سەبارەت بە فیلمەکە ریبیکا کە پاڵێوراوە بۆ بە دەستهێنانی خەڵاتی گۆڵدن کلۆب دەڵێ: ئەم فیلمە و هاندانی تۆم کرۆز دەرگای زۆری بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی بیر لە فیلمی دیکەی ئەکشن بکەمەوە، چونکە چەندین فیلمی دیکەم پێشکەش کراوە لەوانەش (The Girl on the Train) و گفتوگۆکانمان هەنگاوی زۆری بڕیوە لەگەڵ تاتی تایلۆری دەرهێنەری فیلمەکە.

شایەنی باسە دوایین فیلمی تۆم کرۆز سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە و توانیویەتی تا ئێستا زیاتر لە نیو ملیار دۆلار کۆ بکاتەوە و بینەر و رەخنەگران پێشوازییەکی گەرم و بێ وێنەیان لە فیلمەکە کرد.



# سەلمان خان گرنگیی بە ئۆسکار نادات

بەم دواییە نوێترین فیلمی ئەکتەری ناسراوی هیندی سەلمان خان بە ناوی (Barangay Bhaijaan) نمایشکرا لە هیندستان و جیهان، ئەم فیلمە لە پاڵێوراوەکانە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی ئۆسکار لە خانەی باشترین فیلمی بیانی، بەڵام سەلمان تا ئێستا هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی بە بابەتی پاڵاوتنی فیلمەکەی نەداوە و وەك هەموو فیلمەکانی دیکە سەیری دەکات.

لەم بارەیەوە سەلمان خان وتی : رەنگە زۆر لە ئەکتەرەکان گرنگییەکی زۆر بە ئۆسکار بدەن، بەڵام بۆ من کاردانەوەی جەماوەر زۆر گرنگترە لە ئۆسکار، چونکە ئۆسکاریش پشت بە جەماوەر دەبەستێت بۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردنی باشترین فیلمی بیانی، نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە سەرکەوتنی فیلمەکە تەنیا بۆ من ناگەڕێتەوە و تیمی فیلمەکە بە گشتی زۆر ماندوو بوون بۆ ئەوەی فیلمەکە سەرکەوتوو بێت.

سەلمان خان پێیوایە پێویستە هونەرمەندان خۆیان ماندوو بکەن و لەم بارەیەوە وتی: ئەرکی من ئەوەیە خۆم ماندوو بکەم، کاتێك خەڵك دەچێتە سینەما پێشبینی ئەوە دەکەن کە تام و چێژ لە فیلمەکە وەربگرن ئەمەش ئەرکی من، ئینجا لەوێوە و دوای رەزامەندیی جەماوەر ئەگەر فیلمەکەم بچێتە ئۆسکار یان نەچێت بە لای منەوە زۆر گرنگ نییە.

ئەم فیلمە کە لە دەرهێنانی کەبیر خانە باس لە کچێکی پاکستانی دەکات کە لە هیندستان ون دەبێت دواتر دەچێتەوە لای کەسوکاری و لەمەدا سەلمان خان هاوکارییەکی زۆری دەکات بۆ ئەوەی بە کەسوکاری شاد بێتەوە.



# کاریگەری بارودۆخی کوردستان لەسەر گۆرانی و موزیک

**پێشکەوتنی هونەر پێویستی بە کەشێکی ئارام و سەقامگیر هەیە کە تێیدا هونەرمەندان بتوانن داهێنان بکەن و پەرە بە کارەکانی خۆیان بدەن، لە دوو ساڵی رابردوو کوردستان لەرووی ئابوورییەوە تووشی قەیرانێکی دژوار هاتووە لە ئەنجامی نەبوونی بودجە و شەڕی داعشیش بارودۆخەکەی زیاتر شڵەژاند، هونەرمەندان وەك پێشمەرگە بە هونەرەکەیان بەرگرییان لە کوردستان کرد، بەڵام ئایا بارودۆخەکە کاریگەریی چۆنی لەسەر بواری گۆرانی و موزیك هەبوو؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتە وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.**





**سەرەتا هونەرمەند قادر ئەسعەد وتی:**
بەدڵنیاییەوە ئەوەی لە وڵاتی ئێمە دەگوزەرێت قەیرانی بیری روناک و تێکنەگەیشتنە بۆ روئیای جیاواز و نەبوونی متمانەی سیاسییەکانە بە ئایندەی گەلێک کە تاکو ئێستاش نەیانتوانیوە بیگەیەنن بە کەنارێکی هێمن ودڵنیایی پشوێک بە رۆحمان بدەین.

کاتێک کە مووچە بۆ سێ مانگ جارێک بدرێت لایەنە سیاسییەکان لەسەر دەسەڵات ڕێکنەکەون و موزایەدەی بەیەکفرۆشتنی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەری لە بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵای دیموکراسی و فێڵی سیاسەت لە خەڵکی خۆڕاگری ئەم نیشتمانە، ئەم کێشەیە زۆر لە قەوارەی خۆی گەورەتر کراوە بەتایبەتی ئەگەر ئێمە بێین لە ساتەوەختی هەنوکەمان بە لۆجیکێکی واقعیانە بڕوانینە گۆڕەپانی پارسەنگی هێز لە کوردستان کە دوژمنێکی سەرسەختی دیموکراسی و مرۆڤایەتی بەر دەرگای ماڵی لێگرتوین، دەبێت چاک لەو بگەین و بزانین کێیە ئێستا خوێن لە جەستەی پڕ لەزامی بەبەردەومی لێ دەڕوات، ئەوە تەنیا دەستوورو یاسا نین لە هەموو سەردەمێکدا روح وەبەر پێشکەوتن و سیستەمێکی مۆدێرندا دەنێت، بەڵێ لە گەڵ ئەوەشدام کە کێشەکان گەورەن و دەبێت چارەسەر بکرێن، بەڵام کەی و چۆن ئایا لە دنیای ئەمڕۆکەماندا ئەوە دەستوورو یاسا یان عەقڵ لۆجیکە دەبێت کاری پێبکرێت.

بەڵێ کە دەڵێن هونەر ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەیە، کە وا بێت ڕەنگدانەوەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هونەر بە گشتی داناوە لە نێویانیشدا بەتایبەتی هونەری گۆرانی و موزیک، کاتێک کۆمەڵگەکەم دووچاری کێشەی زۆر مەترسیدار وخنکاوی باری ئابووری و سیاسی بێت، چۆن دەکرێت ئاوازو موزیک لە ماڵەکاندا جێگایان بێتەوە، کە هونەر خۆی بەشێکە لە هەستی جوان و ناسک و ورژێنەر، کاتێک زمانی زبڵ و خاشاک لە دەمی بەشێک لە پیاوە سیاسییە ئەماتۆرەکانمان لە بەرنامەکانی کەناڵی تیڤیدا زەوق وهەستی بینەر پەلکێشی دنیایی شەڕەنگێزی دەکەن جێگای زمانی گوڵی هونەرو موزیک دەگرێتەوە چۆن بەخۆمان ڕەوا دەبینین بڵێن لێرەین، بێگومان لەوێ نابین لەو شوێنەی زمانی شیعرو گۆرانی هیچ مانا و مەبەستێک نابەخشێت ناشبینە بەشێک لەو هەناسە بۆگەنانەی کە مرۆڤ دووچاری نەخۆشی ڕشانەوەی بێ ویژدانی و ماڵوێرانی دەکات.

کاتێک لە سەری کۆڵانی هەرماڵێک قوماشێکی ڕەش هەڵواسراوە بە نزیکی چەند مەترێک لەوێش دەنگی سیمفۆنی فرمێسکەکان و ناڵەی دەنگی دایک و خوشکی شەهیدێک دەبیسترێت. دەنگی گۆرانی و موزیکەکانیش دەرگا لەسەر خۆیان دادەخەن وکەڕو لاڵو کپ دەبن لە ئاستی ئەم دیمەنانە پێم ناڵێیت چۆن کاریگەری نابێت بەسەر هونەر، ڕەنگە هەر کەسێکی دیکە، پاش هەفتەیەک لە سەرەخۆشی بگەڕێتەوە سەرکارەکەی خۆی، بەڵام هونەرمەندێک گۆرانیبێژو موسیکژەنێک دەتوانن پاش هەفتەیەک دەست بە گۆرانیی گوتن وموزیک ژەنین بکەنەوە، دەڵێم نەخێر زۆر سەختە. لە گەڵ ئەوهەموو نەهامەتیانەو قاتو قڕیەشدا هێشتا بێدەنگی تەواومان هەڵنەبژاردوە لەوێ ئاوازێک بۆ روحی بەرزەفڕی شەهیدێک لەدایک دەبێت ئاوازێکیتریش دەست لە ملی باڵای پیرۆزی پێشمەرگەیەک دەکات ئەوەیتریشیان باس لە جوانی وپاراستنی نیشتمانێک دەکات نیشتمانێک کە تەنیاو تەنیا لە نێو رۆح و هزری پێشمەرگە وهونەرمەندێک بە جوانی خۆی ماوەتەوەو ڕێزی لێدەگیرێت. هونەر هەمیشە بە دوای نیشتمانێکی سەرفراز و ئارام و جواندا دەگەڕێت تاکو ئاوازێک بکات بە میدالیایی شکۆمەندی خۆشبەختی گەلەکەی.



**هونەرمەند دانیا عەلی سەبارەت بە هەمان پرس بەم شێوەیە رای خۆی دەردەبڕێت:**

بەداخەوە ئێستا دەبینین بارودۆخی کوردستان ئارام نییە، کاتێك مرۆڤ رووبەرووی بارودۆخێکی سەخت و پڕ لە کارەسات بێت هونەر هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نامینێت، بەڕای من لە هەر شوێنێك ئارامی هەبێت ئەو کاتە هونەر بەرەو پێش دەچێت و رێز و بەهایەکی زۆری دەبێت، من سیدییە نوێیەکەم لە مانگی ٤ی ٢٠١٤ تەواو بووە زۆر بەداخەوە رامگرتووە و بڵاوم نەکردۆتەوە بەهۆی ئەم بارودۆخەوە، بە هیوام هەموو کورد ئاسودە بێت لە کوردستان و وڵاتەکەم یەك پارچە ئارام بێت.



**خاتوو نیان عەبدوڵڵا بەم شێوەیە باس لەم بابەتە دەکات:**

بەدڵنیاییەوە ئەم بارودۆخە کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر هونەری کوردی و زۆر بە روونی پێیەوە دیارە، چونکە کاری هەنەری پیویستی بە لایەنی داراییە و ئەوەی لای هەموان ئاشکرایە کە دەزانین هەرێمەکەمان لە چ دۆخیکی داراییدایە کەواتە حاڵی هونەرەکەشمان لە داراییەکە باشتر نییە و کۆمپانیا ناوخۆییەکان نەبوونەتە کۆمپانیای نیشتمانی تا بتوانن چەمکێکی هونەرەکە بگرنە ئەستۆ تەنها لە رێگەی دۆستایەتی و هاورێیەتەوە سپۆنسەری بۆ کاری هونەری دەکەن .

هونەر نەبۆتە پیشەیەك کە هونەرمەندەکان بتوانن لەرێگەیەوە خۆیانی پێ بژێینن کەچی لە هەموو دنیادا هونەر یەکێکە لە کاڵاکانی سەرمایەداران، بەڵام بەداخەوە لە هەرێمەکەی ئێمەدا ئەم چەمکە بەهیچ جۆریك بوونی نییە. بۆیە هونەرەکەمان لەدۆخێکی خراپدایە بە و هیوایەی دۆخی هەرێمی کوردستان لەزووترین کاتدا ئارام بگرێت.

**خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین دەڵێ:**

کورد هەمیشە رووبەرووی بارودۆخی سەخت بۆتەوە کە کاریگەرییان بەسەر هونەرەوە هەبوو، چونکە بەر لەوەی کاری هونەری پێشکەش بکرێت دەبوایە هەوڵ بدرێت ناسنامە و زمان و کەلتووری میللەتەکەت لە رێگای هونەرەوە بپارێزی، ئێستاش کە کوردستان رووبەرووی دڕندەترین دوژمن لە مێژووی مرۆڤایەتی بۆتەوە و رۆژانە لاوەکانمان بە خوێنی خۆیان رێگا لە داگیر کردنی کوردستان دەگرن ئەرکی هونەرمەندان سەخت بووە، چونکە وەك تاکێکی ئەم وڵاتە پێشمەرگە ئاسا بە هونەرەکەی بەرگری لەم وڵاتە دەکات، لە هەمان کاتدا پێویستی بەوە هەیە کە جەماوەر گوێ لە کارەکانی بکرێت ئەمەش لە بارودۆخێکی ها و شێوەی ئێستادا ئاسان نییە، چونکە لە کاتی ئارامی و سەقامگیریشدا هونەرمەندان مەغدور بوون و هیچ کاتێك وەك پێویست رێز لە هونەرەکەیان نەگیراوە، هیوادارم ئارامی بۆ کوردستان بگەڕێتەوە و خەم و نەهامەتی لە وڵاتەکەمان دوور کەوێتەوە.



**دۆتمیر کە هونەرمەندێکی رۆژهەڵاتی کوردستان و دانیشتووی ئەوروپایە دەڵێت:**

بێگومان ئەم بارودۆخە کاریگەری بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە لەوانەش بواری هونەری و بەتایبەتی گۆرانی و موزیك، راستە هونەرمەندان زۆربەیان بەگوێرەی توانای خۆی سروودی بۆ کوردستان و شەهیدان و پێشمەرگە وتووە کە ئەمە بەشێکە لە ئەرکیان بەرامبەر بە خاك و نیشتمانیان، بەڵام هونەر تەنیا سروود و گۆرانی شەڕ و ناخۆشی نییە، هونەر پێویستی بە کەشێکی ئارام و سەقامگیر هەیە لە هەموو روویەکەوە لەوانەش پێویستە باری ئابووری سقامگیر بێت بۆ ئەوەی هونەرمەندان بتوانن داهێنان بکەن و کاری نوێ پێشکەش بە خەڵك بکەن لە هەمان کاتدا خەڵکیش بتوانێت گوێیان لێ بگرێت، لەلایەك هونەرمەند ئەگەر سپۆنسەری نەبێت ناتوانێت کارەکەی خۆی بڵاو بکاتەوە ئەگەر بڵاویشی بکاتەوە سەرکەوتوو نابێت، چونکە خەڵکەکە بە گشتی لە چەندین قەیراندایە.

